چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە، چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای نانەوڵاوی لە خێزانەکەی کرد، ووتیان: هیچ شتێکمان نییە جگە لە سرکە نەبێت، ئەویش داوای کرد، دەیخوارد ودەیفەرموو: «چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە، چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای خواردنێکی لە خێزانەکەی کرد کە وەکو نانەوڵاو بیخوات، ووتیان: هیچ شتێکمان نییە جگە لە سرکە نەبێت، ئەویش فەرمانی کرد کە بیهێنن، ئەوانیش هێنایان ودەیخوارد ودەیفەرموو: چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە، چەند نایابە نانەوڵاوی سرکە. ئەمیش وەسفکردنی سرکەیە، ئەگەرچیش سرکە خواردنەوەیە بەڵام هەندێک جار خواردنەوە وەکو خواردن بانگدەکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّيٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِ} [البقرة: 286] واتە: {هەرکەسێک لێی خواردەوە ئەو لە (لەشکری) من نییە وە هەرکەسێک لێی نەچەشت ئەوە لە منە مەگەر کەسێک پڕ مشتێکی لێبگرێت بە دەستی خۆی وبیخواتەوە}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5447